Royal College of Anaesthetists

Association of Paediatric Anaesthetists of Great Britain and Ireland

# بەنجکردنی گشتی

ڕێبەرێکی کورت بۆ گەنجانی سەروو ١٢ ساڵ

## بەنجکردنی گشتی

بەنجکردنی گشتی ئەوەیە کاتێک کە پزیشکی بەنجکردن دەرمانێک (یاخود هەندێجار گازێکی بەنجکەر) بەکاردەهێنێت تاوەکو بێهۆشت بکات. ئەمە وەک خەوێکی قووڵ وایە و واتای ئەوەیە لەماوەی ڕاییکارییەکەتدا نە دەتوانیت ببینیت، نە ببیستیت، نە هەست بە هیچ شتێک بکەیت.

بەنجکردنی گشتی بۆ هەندێ ڕێکار و بۆ نەشتەرگەری و هەندێ پشکنینی پزیشکی شتێکی سەرەکیە.

## تیمی بەنجکردن

پزیشکانی بەنجکردن ئەو پزیشکانەن کە ڕاهێنانی تایبەتیان وەرگرتوە لە بەکارهێنانی دەرمانی بەنجکردندا تاوەکو وابکەن لە خەڵک ئاسوودە و سەلامەتبن کاتێک کە نەشتەرگەری یاخود پشکنینیان بۆ دەکرێت.
تۆ و دایبابت/بەخێوکەرەکەت بەرلە ڕێکارەکان پزیشکی نەشتەرگەری دەبینن. پزیشکەکەت دەربارەی تەندروستیت پرسیارت لێ دەکات و نەخشەڕێژییەک دادەنێت بۆ بەنجکردن و ڕەواندنەوەی ئازار. خۆشحاڵ دەبن لەوەڵامدانەوەی هەر پرسیارێک کە هەتبێت.

ئەندامانی دیکەی ستافەکە یارمەتی پزیشکی بەنجکەر و هاوکارانی بەنجکردن و ڕاهێنەرانی بەشی نەشتەرگەری (کە هەندێجار پێیان دەوترێت ODPs) و پەرستارانی ژووری نەشتەرگەری دەدەن.

## ڕەزامەندی

پزیشکی بەنج لەگەڵ خۆت و دایبابت/بەخێوکەرەکەت کاردەکەن تا ڕێکبکەون لەسەر نەخشەڕێژییەک بۆ بایەخپێدانت. هیچت لێ ناکرێت تا نەخشەڕێژییەکە تاووتوێ و پەسەند دەکرێت. دەتوانیت هەر پرسیارێکت هەیە بیکەیت تا لە هەموو شتێک تێبگەیت و بە نەخشەڕێژییەکە قایلبیت. ئەگەر تەمەنت بەشی پێویست گەورە بێت ڕۆڵێکی زیاترت دەبێت لە بڕیارداندا چونکە تێگەشتنت زیاترە.

تۆ یاخود دایبابت/بەخێوکەرت واژۆ لەسەر بەڵگەنامەی ڕەزامەندی دەکەن هەر کاتێک کە رازیبوویت بە پلانی بەنجکردنی پێشنیازکراو. دەتوانیت زیاتر بخوێنیتەوە سەبارەت بە ڕەزامەندیی لەسەر ماڵپەڕی ڕێبەریەکانمان بۆ خەڵکانی گەنج (www.rcoa.ac.uk/patient-information/translations/sorani).

# ئامادەبوون بۆ بەنجکردنت

## تەندروستیت

- پێویستە تا دەکرێت تەندروست بیت پێش بەنجکردنت. گۆڕانکاری تەندروست لە شێوازی ژیانتدا پێش بەنجکردنت یارمەتیت دەدات تا زووتر چاکبیتەوە.
- ئەگەر توانیت، هەوڵ بدە شەش هەفتە پێش نەشتەرگەرییەکەت نە جگەرە بکێشیت و نە دوکەڵی جگەرەی کەس هەڵبمژیت. دەکرێت داوا لە هەرکەسێک بکەیت کە لەگەڵت دەژی و جگەرەکێشە تا بچێتە دەرەوە بیکێشێت لەو ماوەیەدا.
- ئامۆژگاری منداڵان و خەڵکانی گەنج دەکرێت مادە کهولیەکان نەخۆنەوە بەرلە تەمەنی ١٨ ساڵی. دەشێت خواردنەوەی کهول و بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان لە تەمەنی هەرزەکاریدا سەر بۆ چەندین کێشەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی بدات. زیاتر بخوێنەوە لەسەر ماڵپەڕی NHS:(http://bit.ly/3mo2QP0 ).
- ئەگەر هەر گرفتێکی تەندروستی درێژخایەنت هەیە و بەباشی جڵەوناکرێت، پێویستە خۆت یان بەخێوکەرەکەت پێش بەرواری نەشتەرگەرییەکەت پەیوەندی بە پزیشکی گشتی یان پزیشکی پسپۆڕەوە بکەن و ئاگاداری بکەنەوە لەوەی بەم نزیکانە بەنجکردنت بۆ دەکرێت. پاشان دەتوانیت دەربارەی ئەوە ڕاوێژی پێ بکەیت کە پێویستە تۆ و پزیشکی بەنج چی بکەن تا بەسەلامەتی بمێنیتەوە لەو ماوەیەی لە نەخۆشخانەیت.
- بەردەوام دەرمانەکانت لەگەڵ خۆت بهێنە بۆ نەخۆشخانە.
- بۆ سەلامەتی خۆت، ئەگەر دەرمانی دژەسکپڕی یان خۆشیبەخش بەکاردەهێنیت پێویستە پزیشکی بەنجکردنت ئاگاداربکەیتەوە لێیان.
- ئەگەر توانیت، زانیاری دەربارەی هەر جۆرێکی هەستیاری یان هەر تاکێکی خێزانەکەت کە هەستیارییان بە دەرمانی بەنجکەر هەبووە، تا بتوانیت بە پزیشکی بەنجکردنتی بڵێیت.
- کارێکی ئاساییە کە پشکنینی دووگیانی بۆ هەر کچێکی تەمەن سەرووی 12 ساڵ بکرێت بە وەرگرتنی نمونەیەک لە میز. بۆ ئەوەی هۆکاری ئەمە بزانیت، ئەم نامیلکەیە بخوێنەوە (http://bit.ly/31Qncab). ئێمە دەزانین کە ئەمە ڕەنگە بتشڵەژێنێت، بەڵام ستافەکە ڕاهاتوون بە ئەنجامدانی ئەم پشکنینە بەو پەری وریاییەوە
- کاتێک پزیشکی بەنجکردن پرسیارێت لێ دەکات دەربارەی جگەرە کێشان، خواردنەوە وبەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، تکایە لە وەڵامەکانت ڕاستگۆ بە. ئێمە دەزانین لەوانەیە شتێکی ئاسایی نەبێت کە باسی ئەم کێشانە بکەیت، بۆیە ئەگەر دایبابانت/بەخێوکەرت ئامادە بوون دەتوانی داوا لە پزیشکی بەنجکردن بکەیت کە بە تەنها باسی بکەن.
- دایبابانت/بەخێوکەرت دەبێ زانیاری باشیان پێ بدرێت لەسەر نەشتەرگەریەکە وهەر مەترسیەک بۆ ئەوەی بتوانن ڕەزامەندی نیشان بدەن وئەگەر تەمەنت گەورە نەبوو دەبێ فۆرمی ڕەزامەندی واژۆ بکەن.
- پێش ئەوەی بێیت بۆ نەخۆشخانە، ئەگەر توانیت، زانیاری دەربارەی هەر جۆرێکی هەستیاری یان هەر تاکێکی خێزانەکەت کە هەستیارییان بە دەرمانی بەنجکردن هەبووە، تا بتوانیت بە پزیشکی بەنجکردنی بڵێیت.

## خواردن وخواردنەوە پێش بەنجکردنت

- پێویستە نەخۆشخانەکە ڕێنمایەکی ڕوونت پێبدەن دەربارەی ئەوەی کە لەچ کاتێکەوە خواردن و خواردنەوە نەخۆیت پێش نەشتەرگەریەکە.
- گرنگە بۆ سەلامەتیت ئەم ڕێنماییانە پەیرەو بکەن. ئەگەر خواردن یان شلە لەناو گەدەت هەبێت لەماوەی بەنجەکەدا، دەکرێت بێتە دەر بۆ ناو قورگت و بچێتە ناو سیەکانتەوە. ئەمە دەکرێت ببێتە هۆی خنکاندن یان زەرەرێکی زۆر بۆ سیەکانت. عادەتەن هاندەدرێیت کە شلەمەنیەکی کەمتر بخۆیتەوە(وەک ئاو یان شەربەت) ـ ئەمە سەلامەتە هەتا نزیکترین کاتی بەنجکردن.

## جل لەبەرکردن

- جلێکی گەورە ورەحەت بکە بەرت کە ئاسان بێت بۆ شوشتن لە دوایدا.
- بپرسە ئایا پێویست دەکات کە بیجامە، نەعل و/یان کراس ببەی لەگەڵ خۆت.
- جلێک بێنە کە بەکاربیهێنی بۆ ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵەوە.
- دەکرێت داوات لێ بکرێت کە کراسی نەخۆشخانە لەبەرکەی.
- عادەتەن تۆ دەتوانی کە جلی ژێرەوە دانەکەنیت کە دەچیتە ژووری نەشتەرگەری، لەوانە ستیان ئەگەر هیچ ئاسنێکی تێدا نەبێت، بەڵام لەوە دڵنیا بکەرەوە لەگەڵ پەرستارەکەت. هەندێ جار دەبێ جلی ژێرەوە دابنێیێ لە کاتی نەشتەرگەری یان پشکنین.
- هەندێجار پزیشکی نەشتەرگەری هەندێ مووی ناوچەی نەشتەرگەری دەتاشێ، بەڵام پێش ئەوەی ئەوە ڕوودبدات ئاگادارت دەکەنەوە.
- دەکرێت داوات لێ بکرێت کە گۆرەوی لاستیکی درێژ تا ئەژنۆکانت لەبەر بکەی پێش نەشتەرگەری. ئەمە یارمەتیدەرە بۆ هێشتنەوەی جوڵەی خوێن لە ناو لاقەکانت بۆ دووربوون لە خوێن مەین.

## گەوهەر ومیکیاژ

- تکایە هەر گەوهەرو زێروزیوێک تا دەکرێ لە ماڵ بەجێ بهێلە. ئەگەر نەتتوانی گەوهەرەکانت لێبکەیتەوە،دەتوانرێت بە تێپ داپۆشرێت تا ڕێگە بگرن لە زیان پێکەوتنیان یان زیانکەوتن بە پێستت.
- تکایە بە دوربە لە بەکارهێنانی میکیاژ وبۆیەی نینۆک. دەکرێت ئەمانە لێبکرێنەوە لەلایەن ستافی نەخۆشخانەکەوە بۆ ئەوەی بتوانن کە چاودێری تۆ بکەن لە کاتی پرۆسەکەدا.

## کات پڕکردنەوە

- بەزۆری کاتی چاوەڕوانی درێژخایەن دەبێت.
- شتێک بێنە بۆ ئەنجامدانی( بۆ نموونە، کتێب، گۆڤار یان مۆبایلەکەت). تکایە هێدفۆن وشەحنی موبایل لەبیر مەکە.
- تکایە لە بیرت نەچێ کە جگەرە نەکێشی یان بنێشت نەجووی لە کاتی چاوەڕوانی، وڕێنمایەکانی خواردن وخواردنەوە بە ئاگاداری ڕەچاو بکەیت.

# بەنج وەرگرتن

- پزیشکی بەنجکردنت بەزۆری دەستدەکات بە ئامادەکردنی دەرمانی بەنج لە ژوورێک کە دەکەوێتە تەنیشتی ژووری نەشتەرگەری، پێی دەوترێت ژووری بەنجکردن. هەندێک جار دەکرێت لەناو ئەو ژوورەدا ئەنجام بدرێت کە نەشتەرگەری/پشکنینی تێدا دەکرێت.
- پزیشکی بەنجکردنت عادەتەن دەستدەکات بە پێدانی دەرمانی بەنج لەڕێگای کانوێلاوە (بڕوانە لای خوارەوە بۆ زانیاری دەربارەی ئەمە). لە هەندێک حاڵەتی دەگمەن تردا، داوات لێ دەکەن جۆرە گازێک هەڵبمژیت کە بۆنی لە قەڵەمی ماجیک دەچێت. هەندێک جار خۆت دەتوانیت هەرکامێکیان هەڵبژێریت.
- پێدانی دەرمانەکە لەڕێگەی کانوێلاوە خێراترین ڕێگەیە بۆ بەنجکردنت. ئەگەر گازەکە هەڵبمژیت، هێشتا کانوێلایەکت بۆ دادەنرێت دوای ئەوەی بێهۆش دەبیت، ئەمەش بۆ ئەوەی پزیشکی بەنجکردن بتوانێت بەنجی زیاتر، ئازارشکێن یان دەرمان و شلەمەنی ترت پێ بدات لەماوەی نەشتەرگەریەکەت. هەردوو شێوازەکە دەکرێت ببنە هۆی سەرگێژخواردن پێش ئەوەی بە تەواوی بێهۆش بیت.
- ئەگەر بتەوێت، دایبابانت/بەخێوکەرت دەتوانن لەگەڵت بمیننەوە تا ئەوکاتەی بێهۆش دەبیت. لەدوای ئەوە، دەتوانن لە هۆڵی چاوەڕوانی یان قاوشەکە چاوەڕێت بکەن. لەبری ئەوەشیان، پەرستیارێک لەگەڵت دەمێنێتەوە لەکاتێکدا دەرمانی بەنجکردنەکە دەست بەکاردەکات.

## کانوێلا

- کانوێلا بۆرییەکی باریک و نەرمە کە دەخرێتە ناو دەمارێکی خوێنهێنەر، عادەتەن لەسەر دەستت دادەنرێت.
- لەوانەیە دەستپێشخەری کرێمێکی سڕکەر یان سپرایەکی ساردی تایبەتت بۆ بکرێت بۆ سەر دەستت بۆ کەمکردنەوەی هەر ناڕەحەتییەک لەکاتی دانانی کانوێلاکە.
- دەرزییەکی بچووک بەکاردێت بۆ دانانی کانوێلاکە، دواتر دەرزییەکە ڕاستەوخۆ لادەبرێت.
- هەر کە کانوێلاکە چووە شوێنی خۆی، دەتوانیت دەرمانەکانت وەرگریت بەبێ بەکارهێنانی دەرزی تر. هەندێک جار دەکرێت ئەمە ببێتە هۆکاری کەمێک سەرما، ختوکە یان ناڕەحەتییەکی کەم.
- عادەتەن کانوێلاکەت لەشوێنی خۆی دەمێنێتەوە دوای نەشتەرگەری بۆ حاڵەتێک ئەگەر پێویستت بە ئازارشکێن، شلەمەنی یان دەرمانی تر هەبوو لە دواتردا.

# لەکاتی بەنجکردن

- پزیشکی بەنجکردن هەموو کاتێک لەگەڵت دەمێنێتەوە.
- کاری پزیشکی بەنجکردن ئەوەیە کە تۆ بە سەلامەتی بهێڵێتەوە و بەپێی پێویست دەرمانی بەنج و ئازارشکێنت پێبدات بۆئەوەی بەبێهۆشی بمێنیتەوە تاکو نەشتەرگەریەکە تەواو دەبێت.
- بەخەبەر هاتنەوە لەناوەڕاستی بەنجەکەدا حاڵەتێکی زۆر دەگمەنە، چونکە پزیشکی بەنج زۆر بە ووردی چاودێریت دەکات (بە چاودێریکردنی پەستانی خوێن، لێدانی دڵ و هەناسەدان) بۆ دڵنیاکردنەوە لەوەی کە بڕی پێویست لە دەرمانی بەنج وەردەگریت.

# بەهۆشهاتنەوە لە دواتردا

- نەشتەرگەری/پشکنین کاتی جیاواز دەخایەنن، بەڵام هەرئەوەندەی کە نەشتەرگەریەکە کۆتاییهات، پزیشکی بەنجکردن دەوەستێت لە پێدانی دەرمانە بەنجکردن پێت. ئەمەش ڕێت پێدەدات کە دوای نزیکی پێنج خولەک بەهۆش خۆت بێیتەوە.
- ڕەنگە لە ژووری چاکبوونەوە هۆشت بێتەوە بەڵام لەوانەیە چەند خولەکی سەرەتات بیر نەیەتەوە یان نەتوانی درک بەوە بکەیت کە بەتەواوی لەکوێیت. ئەندامێکی مەشقپێکراو لە تیمی ژووری نەشتەرگەری، عادەتەن پەرستیارێکی بەشی چاکبوونەوە، لەم کاتەدا ئاگاداری تۆ دەبێت.
- چۆن هەستێکت هەیە لەدواتردا دەکەوێتە سەر جۆری نەشتەرگەرییەکە و ئەو دەرمانی بەنجکردنەی وەرتگرتووە. هەندێک کەس لەوانەیە هەست بە ئازار و وشکی قوڕگ، سەرئێشە و لەرزین بکەن یان دڵیان تێکەڵ بێت. عادەتەن پزیشکی بەنجکردن دەرمانی تایبەتیت پێدەدات بۆ ڕێگری لە دڵتێکەڵ هاتن یان ڕشانەوە. پێدەچێت هەندێک جار هەست بە سەرما یان لەرزین بکەیت - ئەگەر وابوو ئەوە بەتانیەکی گەرمت پێدەدرێت بۆ ئەوەی بەخێرایی گەرمبیبتەوە.

## چارەسەری ئازار

- زۆر گرنگە ڕێگری و چارەسەری ئازار بکرێت، وهەندێک خەڵک (هەندێک لە جۆرەکانی نەشتەرگەری) زیاتر پێویستیان بە کەمکردنەوەی ئازار هەیە لە هەندێکی دیکە.
- پێش ئەوەی خراپتر ببێت چارەسەرکردنی ئازار ئاسانترە، لەبەرئەوە پێویستە داوا لە پەرستاری چارەسەربەخش یان پزیشکی بەنجکەر بکەیت یارمەتیت بدات هەرکاتێک هەستت بە نائاسودەیی کرد، نەک چاوەڕێبکەیت تاوەکو خراپتر دەبێت.

## لەپشت قاوشەکەوە

- پێدەچێت سەرەتا زۆر ماندوو بیت.
- ئەگەر هەر کێشەیەکت هەبوو، با کەسێک بزانێت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن. لەوانەشە پێویست بکات پەنجە بە جەڕەسەرکەدا بنێیت یان داوا لە دایبابان/بەخێوکەرەت بکەیت تاوەکو پەرستارێکت بۆ دەستەبەربکات.
- چەندێک زوو دەتوانیت دووبارە بخۆیت و بخۆیتەوە پشت دەبەستێت بە جۆری ڕێکارەکان و ئازارشکێنەکانی کە وەریاندەگریت. پەرستارەکەت یان پزیشکی بەنجکردن دەتوانێت ئامۆژگاریت بکات.
- ئەتوانیت لە نەخۆشخانە بمێنیتەوە تاوەکو ئەوکاتەی سەلامەتە بڕۆیتەوە ماڵەوە. بۆ هەندێک لە نەشتەرگەریەکان هەمان ڕۆژ دەتوانیت بڕۆیتەوە ماڵەوە ئەگەر تەندروست بوویت و نەشتەرگەریەکە سوک بوو.

# مەترسییەکانی بەنجکردن

کێشە مەترسیدارەکانی پاش بەنجکردن زۆر دەگمەنن. تۆ دەتوانیت زیاتر بزانیت لەسەر مەترسییەکانی بەنجکردن لە:
www.rcoa.ac.uk/patient-information/translations/sorani

# بەنجی لاوەکی (مەوزوعی)

- هەندێک جار دەتوانیت ئەوە هەڵبژێریت کە بەئاگابیت لەکاتی نەشتەرگەریەکەتدا. ئەگەر بگونجێت، پزیشکەکەت و یان پزیشکی بەنجکردنەکە لەگەڵ خۆت و دایبابان/بەخێوکەرەکەت تاوتوێی ئەوە دەکەن. لەم حاڵەتەدا، دەکرێت بەنجی لاوەکی(مەوزوعی) وەربگریت بۆ سڕکردنی بەشێک لە جەستەت بۆ ئەوەی ئەو شوێنە ئازاری نەبێت.
- ئەگەر پێتوایە حەزدەکەیت بەئاگابیت، ئەوە دەتوانیت تاوتوێی ئەمە بکەیت لە کۆبوونەوەی پێش هەڵسەنگاندن لەگەڵ پزیشکی بەنجکردنەکە یان زیاتری لەسەر بخوێنەرەوە لە
www.rcoa.ac.uk/patient-information/translations/sorani:

# ئەگەر دەتەوێت زیاتر بزانیت

- نامیلکەکان بە ناونیشانی ڕوونکردنەوەی تۆ و دەرمانی بەنج و بەنجکردن ( You and Your Anaesthetic and Anaesthesia Explained) بەردەستە لە وێبسایتی کۆلێژی شاهانەیی پزیشکانی بەنجکردن و پێدەچێت لە نەخۆشخانەی ناوچەکەی خۆشت بەردەست بێت.
- ئەتوانیت زانیاری زیاتر وەربگریت لە:
www.rcoa.ac.uk/patient-information/translations/sorani

هەموو هەوڵێ ئێمە ئەوەیە زانیارییەکانی ناو ئەم بروشورە بێ هەڵە و نوێ بن، بەڵام ناتوانین دڵنیایی لەم بارەیەوە بدەین. ئێمە پێشبینی ئەوە ناکەین ئەم زانیارییە گشتیانە وڵامدەرەوەی هەموو پرسیارێکتان بن و هەڵگری هەموو ئەو شتانەی بۆ ئێوە گرینگن. باشتر وایە بڕیارەکانتان و هەر جۆرە نیگەرانییەکتان بە تیمی پزیشکیی خۆتان ڕابگەیەنن و ئەم بروشورە وەك ڕێنوێنێك بەکار بێنن. ئەم بروشورە باشترە وەك تاکە سەرچاوەی ئامۆژگاری لەبەر چاو نەگیرێت. نابێت بۆ مەبەستی تیجاری و پیشەیی بەکار بهێنرێت. بۆ ئاشکراکردنی تەواوەتی، تکایە کرتەیەك لێرە (www.rcoa.ac.uk/patient-information/translations/sorani) بکەن.

هەموو وەرگێڕانەکان لەلایەن گرووپی »وەرگێڕانی بێسنوور «ئامادەکرێن و تێکستەکان لە ڕووی کوالیتییەوە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی تا ئەو جێیەی بکرێت بێ هەڵە بن، بەڵام دیسان ئەگەری ئەوە هەیە هەندێکیان هەڵەیان تێدا بێت یان زانیارییەکان بە درووستی وەرنەگێردرێنەوە.

# ڕای خۆتمان پێ بڵێ

پێشوازی لەهەر پێشنیازێک دەکەین بۆ باشترکردنی ئەم نامیلکەیە.

ئەگەر هەر تێبینییەکت هەیە حەزدەکەیت بیگەیەنیت، تکایە ئیمەیڵ بکە بۆ: patientinformation@rcoa.ac.uk

**کۆلێژی شاهانەیی پزیشکانی بەنجکردن**
Churchill House, 35 Red Lion Square, London WC1R 4SG
02070921500

## www.rcoa.ac.uk

چاپی سێیەم، نیسانی 2021

ئەم نامیلکەیە پاش بەرواری چاپکردن و دەرچوونی، لە ماوەی سێ ساڵدا پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت.

**مافی کۆپیکردن پارێزراوە © 2021 بۆ کۆلێژی شاهانەیی پزیشکانی بەنجکردن و کۆمەڵەی پزیشکانی بەنجکردنی منداڵان لە بەریتانیای مەزن و ئێرلەندا**

دەکرێت ئەم نامیلکەیە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی زانیاریی نەخۆش کۆپی بکرێت. تکایە ئاماژە بەم سەرچاوە سەرەکییە بدە. ئەگەر حەزدەکەیت بەشێک لەم نامیلکەیە بەکاربهێنیت لە بڵاوکراوەیەکی دیکەدا، دەبێت سوپاس و پیزانینی گونجاو ئاماژەی پێبدرێت و لۆگۆ و هێما بازرگانییەکان و وێنەکان بسڕێنەوە. بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن.